# هەڵسنگاندنی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی لە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولاتی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ,13-15 کانوونی یەکەمی 2005

## کورتەباسی کارگێری :

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەستا بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولاتی عێراق بەتایبەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە مانگی کانوونی یەکەم لە ساڵی 2005 ,ئەوەش بە پێ ی رێدانی دیاری کراو لە یاسای هەڵبژاردنی عێراقی ,نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی 16 رێکخەری بڵاوکرد لە وولاتە جیاوازەکاندا لەگەڵ 365 چاودێر بۆ ماوەیەکی کورت ئەوەش بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردن و قۆناغەکانی تۆمارکردن و دەنگدان و ژماردنی دەنگەکان ,لە زۆربەی ئەم وولاتانەدا چاودێرێك نێردرا بەلایەنی کەمەوە بۆ چاودێری کردنی دوو ویستگەی دەنگدان .هەموو چاودێرەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی هەستان بە پرکردنەوەی فۆرمەکانی هەڵسنگاندن برِی و جۆری تایبەت بە کرداری تۆمارکردن ودەنگدان و ژماردنی دەنگەکان و راپۆرتی ئیستا پشت دەبەستێ بە ئەنجامەکانی چاودێرەکان کە پێ ی گەیشتوون .

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی وا رەچاودەکات کە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق بەرێوە چوو بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لە هەموو قۆناغەکانی دا لەگەڵ کەمی ژمارەی فەرمانبەرانی هەڵبژاردن و نەبوونی پەیمانی بەستراو لەکەڵ وولاتەکانی کە هەڵبژاردنی دەرەوەی وولاتی تێدا کرا و کورتی ماوەی دیاری کراو بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم کردارە .لەگەڵ تۆمارکردنی هەندێ رووداوی شێواندن وخراپ بەکارهێنانی سیستمی تۆمارکردنی دەنگدەران ,بەڵام ئەمە شتێکی گشتی نەبوو .چەند رووداوێکی شێواندن تێبینی کرا تەنها لە شاري ئەستەنبول لە تورکیا کە پاڵی نا بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بۆ لێکۆڵینەوە لەم کارە و لابردنی ئەنجامەکان لە 16 ویستگە لە کۆی 18 ویستگەی دەنگدان لە شارەکەدا .

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە توانی 298.300 هاووڵاتی عێراقی لە 16 وولاتدا کە توانیان مافی خۆیان بەکار بێنن لە کاری دەنگداندا. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق سوودی وەرگرت لە کرداری دەنگدانی پێشوو کە کرا لەدەرەوەی وولات لە کانوونی دووەمی 2005 ,یارمەتی دان پێشکەش کرا بۆ کردارەکانی گۆرەپانی لە کۆمەڵێکی زوور فراوان لە فەرمانبەرەکانی کە پێشوو کاری کردووە لە کردارەکانی تۆمارکردن و دەنگدان ,وهەروەها سوود وەرگیرا لە شارەزاکانی نێودەوڵەتی .

ئەوەی رەچاوکرابوو بەرێژەیەکی بەرز بوو بۆ کرداری دەنگدان لە دەرەوەی وولات لەسەر رووناکی تاقی کردنەوەی پێشوو لەکرداری هەڵبژاردنی یەکەم لە دەرەوەی وولات ,لەگەڵ ئەوەی کە کردارەکە کرا بە رادەیەکی رەچاوکراوی بەرز لەماوەی سێ رۆژی کرداری دەنگداندا ,بەڵام کردارەکە بەرادەیەکی داواکراو نەبوو لەبواری پێشکەش کردنی زانیاری یەکان بۆ جەماوەر و ماوەی قۆناغەکانی ژماردنی دەنگەکان .وهیچ دەرفەتێك نەبوو بۆ سوود وەرگرتن لە لیستەی دەنگدەران کە داندرابوو لە دەنگدانی پێشوودا لەدەرەوەی وولات.جێ ی داخە کە چەند رێگرێك داندرا بەرامبەر چاودێرەکان سەبارەت بە لیستەی تۆمارکردنی دەنگدەران و بەشداری یان لە کرداری ژماردنی دەنگەکان وبەراوردکردنی ئەنجامەکان لەگەڵ فۆرمەکاندا.

سیستمی هەڵبژاردن لە عێراق ڕێ دا بە دەنگدان لە ناو عێراقدا بۆ جێگاکانی پاریزگاکان و هەروەها بۆ 45 جێگای بژێراو ونیشتیمانی ,بەڵام دەنگەکانی کە دەنگ درا لە دەرەوە نەبژێرا تەنها لە دابەشکردنی شوێنە نیشتیمانی یەکان کە 44 شوێن بوو (تەنها یەك شوێن داندرا بە شوێنی بژێراو).

## ڕاسپاردە سەرەکی یەکان :

ئەم دە ڕاسپاردە سەرەکی یەی خوارەوە پێشکەش دەکرێت بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق و پەرلەمانی عێراقی لەسەر داواکاری کە لەوانەیە ئەو عێراقی یانەی کە نیشتەجێن لە دەرەوەی وولات دەرفەتێك یان لەبەر دەمە بۆ دەنگدان لە دەرەوە لە پاشە ڕۆژدا.ئەم ڕاسپاردە سەرەکی یانە وادادەندرێت کە پێویستە بۆ چاکردنی کردارەکانی دەنگدان لە دەرەوەی وولات.هەروەها چەند ڕاسپاردەیەکی تریش هەیە لە دەقی ئەم ڕاپۆرتەدا کاری ئەوەیە کە چۆنێتی جۆری کرداری دەنگدان لە دەرەوە لە پاشەڕۆژدا :

1- ڕوون کردنەوەی مافەکان وئەرکەکانی عێراقی یەکانی دەرەوەی وولات کە پەیوەندی هەیە بەدەنگدان و هەروەها ڕادەی خزمەت گوزاری کە پێشکەش دەکرێت بۆ دەنگدەران لەهەر کرداری دەنگدان لە دەرەوەی وولاتدا.
2- دامەزراندنی کارکەران لەگەڵ ڕەچاوکردنی نواندنی یەکسانی بەپێ ی ڕەگەز و مللەت وتوانای زمانی .
3- هەوڵدانێکی زیاتر لەگەڵ حکومەتەکانی وولاتەکان بۆ گەیشتن بە پەیمانی نووسراو سەبارەت بە ئاسایش و گومرك و کاری خەرجی و زانیاری یە گشتی یەکان و متمانەی داواکراو بۆ پاراستنی دەنگدەران و ئاسان کردنی کردارەکە.
4- ئامادەکردنی زانیاری یە گشتی یەکان بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی و هەروەها بەزمانی ئەو وولاتەی کە کردارەکەی تێدا دەکرێت.
5- دانانی پاشکۆیەکی ئاسان و ڕوون کراوە بۆ فەرمایشتەکان ومەشق کردن لەگەڵ هەندێ وێنە بۆ ڕوون کردنەوەی هەنگاوە دوا بە داکان لە ماوەی تۆمارکردن و دەنگداندا,ڕێکخستنی ویستگەی دەنگدان .
6- کۆ کردنەوەی زانیاری یەکان لەسەر دەنگدەران بەشێوەیەك کە یارمەتی بدات بۆ دووبارە کردنەوەی بەکار هێنانی لە هەڵبژاردنی پاشەڕۆژدا.
7- متمانە کردنی پێشکەش کردنی کاتی پێویست بۆ پیشاندانی لیستەکانی دەنگدەران کاتی بۆ جەماوەری گشتی.
8- توانای بەکار هێنانی مۆری تایبەت ,لەگەڵ چەند ڕێگایەکی تر بۆ قەڵاچۆکردنی شێواندن ,وەکو لیستەی دەنگدەران .
9- توانای پێشکەش کردنی ئەنجامەکان بەپێ ی ڕادەی هەریەك لە ویستگەی دەنگدان و بنکەی دەنگدان و نوێنەری وولاتەکان یان چاودێرەکان بەپێ ی داواکاری یان.
10- توانای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بۆ لیکۆڵینەوە لە سکاڵاکان سەبارەت بە کرداری دەنگدان لە دەرەوەی عێراق لەکاتێکی دیاری کراودا.

## پێشەکی :

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەستا بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەندامەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2005 ,بەپێ ی ڕێگە پێدانی دیاری کراو لە یاسای هەڵبژاردنی عێراقی .بەرنامەی دەنگدانی دووەم لە دەرەوەی عێراق پشتی بەست بە تاقی کردنەوەی پێشوو لە بەرنامەی دەنگدانی یەکەم لە دەرەوەی عێراق کە سەرپەرشتی کرا لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن . کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەستا لە چوارچێوەی بەرنامەی دووەمی دەنگدان لەدەرەوەی عێراق بە دانانی 650 ویستگەی دەنگدان ,94 بنکەی دەنگدان لە 48 شار و لە 15 وولاتدا.

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراق تەنها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بوو کە تۆمارکرابوو لە لای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بۆ چاودێری کردنی هەموو لایەنەکانی ئامادە کردن و جێ بەجێ کردنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق . نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراق دامەزرا لە کانوونی یەکەمی 2004 لە ئەنجامی کۆنگرەی چاودێری کردنی هەلچبژاردنی عێراقی (ئۆتاوا ,18 –20 کانوونی یەکەمی 2004 ).و دوورست کرا لە پەیکەری سەربەخۆ بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن لە 10 وولاتی جیهاندا ,لەگەڵ زانکۆی وولاتە عەرەبی یەکان بەشێوەی جاودێر,کەهەستێت بەپێ ی ڕێ پێدانی بە ئامادەکردنی تەکنیکی بۆ کرداری هەڵبژاردن لە عێراق ,لەگەڵ کرداری تۆمار کردن و دەنگدان لەدەرەوەی عێراق .لەکاتی ئێستادا بنکەی سکرتاریەی لە عەمانە و هەروەها نوسینگەیەکی هەیە لە بەغدا.

لەچوارچێوەی "بەرنامەی دووەمی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق",نێردراوی نێودەوڵەتی هەستا بەدامەزراندنی 365 چاودێر بە بەستنی کاتی و 16 چاودێر بە بەستنی ماوەیەکی دوور ودرێژ "هاوپێوەندی وولاتەکان" بۆ هەستاندن بە چاودێری کردنی کرداری هەڵبژاردن بە درێژایی 3 ڕۆژی هەڵبژاردن کە کرداری تۆمارکردن ودەنگدان وژماردنی دەنگەکان دەگرێتەوە ,لەگەڵ چاودێری کردنی بەرێوە بردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بۆ کارکردن بۆ هەریەك لە وولاتەکانی دەرەوە "بگەرێرەوە بۆ پاشکۆی ژمارە یەك " ,ئەم ڕاپۆرتە پێشکەش دەکرێت بۆ پێداچونەوەیەکی گشتی بۆ "بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی عێراق" ئەوەش بۆ دانانی بەرنامەیەکی دیاری کراو بۆ پاشەرۆژ.هەروەها بەکورتی باسی خولی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و حکومەتەکانی وولاتەکان دەکات کە کرداری هەڵبژاردنی دەرەوەی تێدا دەکرێت ,لە کۆتایی دا پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێك دەکرێت بۆ هەڵسنگاندنی بەرێوەبردنی هەڵبژاردن ,و فەرمایشتەکان و کارەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن کە چاودێری کرا لەلایەن چاودێرەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی .زانیاری یەکان کورت کرایەوە بۆ دانانی ئەم ڕاپۆرتە کە یەکێکە لە ڕاپۆرتەکانی چاودێرەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی "هاوپەیوەندی نێودەوڵەتی کە فەرمانبەری ماوەی درێژ" سەرچاوەکانی وولاتە یەکگرتووەکان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق و ڕێکخراوەکان وفەرمایشتی یەکان کە پەیوەندی یان هەیە بە کۆمسیۆنەوە و بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق .

## پێشینە :

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن هەستا بەڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق لەجیاتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ئەوەش لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتیمانی گوێزراوە لە کانوونی دووەمی 2005 (بەرنامەی یەکەمی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق) سەران یەر 67 ڕۆژ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن هەستا بە ڕێوەبردنی کرداری تۆمارکردن و دەنگدان لە 36 شار و 14 ووڵات ,280.303 لە عێراقی یەکانی دەرەوە تۆماریان کرد 265.000 لەوان دەنگی خۆیان دا لە کاتی هەڵبژاردندا .دەنگدەران هەستان بە تۆمارکردن و دەنگدان لە ماوەی دوو ڕۆژی جیاجیا ,دوای دەنگدان هەستان بە خستنەناوەوەی هەموو زانیاری یەکان کە پەیوەندی بە تۆمارکردنی دەنگدەرانەوە هەیە لە ڕێسای زانیاری یەکانی تایبەت بەم کارە لە پایتەختی ئەردەنی "عەمان" ئەمەش بۆ دۆزینەوەی لیستەکانی دەنگدەران لە دەرەوە کە دەتواندرێت بە کار بهێندرێت لە هەر کردارێکی هەڵبژاردن لە دەرەوەی ووڵات لە پاشەڕۆژدا . نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی هەستا بە چاودێری کردنی کرداری تۆمارکردن و دەنگدان لە 13 ووڵات لە کۆی 14 ووڵات کە دەنگدانی تێداکرا لە دەرەوە .دەتوانیت سەیری ڕاپۆرتی نێردراو بکەیت لە سەر تۆری ئەنتەرنێت www.imie.ca.

## بڕیاری تایبەت بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی دووەمی دەنگدان لە دەرەوە :

سەرکەوتنی بەرنامەی یەکەمی دەنگدان لەدەرەوە بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی ورەی دەنگدەران و حکومەتی عێراقی کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بۆ هەستاندنی بە بەرنامەیەکی دووەمی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە کانوونی یەکەمی 2005 .و بە پێ ی یاسای هەڵبژاردنی عێراقی کە دانی پیاندراوە لە لایەن کۆمەڵەی نیشتیمانی گوێزراوە لە 12 ئەیلولی 2005 ,عێراقی یەکانی کە نیشتەجێن لە دەرەوە مافی بەشداری کردنیان بەدەست هێنا لە هەڵبژاردندا.
لەکۆتایی تشرینی یەکەمی 2005 کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بڕیاری دا بەجێ بەجێ کردنی کرداری دەنگدان لەدەرەوە بەپشت بەستن بە فەرمانبەرانی عێراقی یەکانی دەرەوە لەگەڵ ڕادەیەکی کەم لە یارمەتی دانی نێودەوڵەتی .بەرنامەی دووەمی دەنگدان لە دەرەوەی ووڵات هەستا بە دانانی پلانی کارکردن کە داندرا بۆ بەرنامەی یەکەم بەشێوەیەکی فراوان ,کە بریتی یە لەم خاڵە سەرەکی یانەی خوارەوە :

- دانانی دوو شاری تازە لە بەرنامەی دەنگدانی دەرەوە (لوبنان و نەمسا) ,ولابردنی شارێك (فەرەنسا – بەهۆی بەشداری کردنێکی کەم لە بەرنامەی یەکەمی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق ).
- دیاری کردنی سێ ڕۆژ بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران بەئامادەبونیان ودەنگدان لە هەمان ڕۆژدا بە بەکارهێنانی پسولەی دەنگدانی نیشتیمانی .
- بەکار نەهێنانی لیستەکانی دەنگدەران کە داندرابوو لە ماوەی بەرنامەی یەکەمی دەنگدان لە دەرەوە لە کانوونی دووەمی 2005 .

- سەربەستی دەنگدەر بۆ هەڵبژاردنی هەربنکەیەك یان ویستگەی دەنگدان لە کاتی دەنگداندا .
- داوا کردن لە دەنگدەر بۆ پیشاندانی بڕوانامەی پێویست بۆ سەلماندنی کەسێتی و تەمەنی وعێراقی یەتی (دەتوانێت ئەم کارە جێ بەجێ بکات بە دەرخستنی یەك بڕوانامە وەکو پاسەپۆرت ).
- سەفارەی عێراقی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەڵدەستن بە جێ بەجێ کردنی چەند کارێك سەبارەت بە هەڵبژاردن لەگەڵ وولاتەکانی کە ئەم کارەی تێدا دەکرێت (بۆ نموونە رێك کەوتن لەسەر باری ئاسایش و رێکا پێدان ).

## یارمەتی دانی نێودەوڵەتی :

لە بەرواری 28 تشرینی دووەم ئەکەم ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی گەیشتە عەمان بۆ دەست پێ کردن بە کار ڕاستەو خۆ لەگەڵ تیمی کۆمسیۆنی باڵا – سکرتاریەتی بەرنامەی دووەم .لە ماوەی 10 رۆژی داهاتوو دامەزراندنی 26 ڕاوێژکاری نێودەولەتی کرا بۆ کارکردن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەبنکەی سەرەکی یان لە نوسینگەکانی وولاتە جیاوازەکاندا ,زۆربەی ڕاوێژکارە نێودەوڵەتی یەکان شارەزایی پێشتر یان هەبوو لە بەرنامەی یەکەمی دەنگدان لە دەرەوە و توانیان بەشداری بکەن لە سەرکەوتنی بەرنامەی دووەم , لەگەڵ ئەوەی کەدرەنگ کەوتن لە دامەزراندنیان .ئەم ڕاوێژکارانە یارمەتی یان دا لە ئامادەکردنی لۆجستی ,ودانانی ئاسایشی پێویست و کارکردن لەگەڵ حکومەتەکانی وولاتەکاندا ویان دەسەڵاتدارانی هەڵبژاردن ,دانانی پلانی کارکردن وهاوپەیوەندی کردن لە گەشتی ڕاگەیاندن و پێداچونەوەی فەرمایشتەکان (چاکردنەوەی لەهەندێ کاتدا).

## چوارچێوەی یاسایی بۆ بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق :

چوارچێوەی یاسایی بۆ هەڵبژاردن بریتی یە لەم خالانەی خوارەوە :

- دەستووری عێراق ,کەدانی پیاندرا لە نێوان هەڵبژاردنی گشتی لە تشرینی یەکەمی 2005 دا ,کە مافی دیموکراتی بۆ هەموو عێراقی یەکان دادەنێ ,دەستووری عێراقی پێ دەناسێنێ کە "هەر کەسێك لەدایك بووە لە باوکێکی عێراقی یان دایکێکی عێراقی " .
- فەرماندەکانی کەدەرچووە لە لایەن دەسەڵاتی ئیتلافی کاتی ئەم خاڵانە دەگرێتەوە :

  * فەرماندەی ژمارە 92 – دانانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کە دادەندرێت بە یەکەم دەسەلاتی هەڵبژاردن لە عێراق.

  * فەرماندەی ژمارە 97 – یاسای حزبەکان و قەوارە سیاسی یەکان .

- یاسای هەڵبژاردنی عێراقی ,کە داندرا لەلایەن کۆمەڵەی نیشتیمانی گوێزراوە بۆ جێ بەجێ کردنی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتیمانی بەتایبەتی .ویاسای هەڵبژاردن کەباسی هیچ شتێك ناکات کە پەیوەندی هەیە بە دەنگدان لە دەرەوەی وولات

یان ڕێسای کەسێتی جگەلە مادەی 19 کە دەقەکەی دەڵیت (عێراقی یەکانی دەرەوەی وولات دەنگی خۆیان دەدەن لە بنکەکانی دەنگدان کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق دیاری دەکات و ژماردنی دەنگەکان دەکرێت لەسەر ڕادەی نیشتیمانی ).

- سستمی دەرچوو لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ژمارە 2005/14 لە بەرواری 20 تشرینی دووەمی 2005 ,کەرێکخستنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات دەکات ,وکو رێکخستنی :نوسینگەکانی دەنگدان لە دەرەوەی وولات ,تۆمارکردن ودەنگدان لە دەرەوەی وولات ,کەسێتی یاسایی دەنگدەر ,وژماردنی دەنگەکان.
- فەرمایشتەکانی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ,وەکو فەرمایشتەکانی تۆمارکردن ودەنگدان و ژماردنی دەنگەکان .

## دابەش کردنی شوێنەکان :

سیستمی بەکار هێنراو لەم هەڵبژاردنە بریتی یە لە دوو سیستم نواندنی ڕێژەیی :

- دابەش کردنی ڕێژەیی بۆ 230 شوێن لەسەر 18 پارێزگا.
- دابەش کردنی ڕێژەیی بۆ 45 "شوێنی نیشتیمانی" لەسەر ڕێژەی نیشتیمانی.

زۆربەی شوێنە بژێراوەکان و نیشتیمانی یەکان کە 45 شوێنە داندرابوو بۆ قەوارە سیاسی یەکان کە هیچ شوێنی بەدەست نەهێنا لەسەر ڕادەی پارێزگاکان بەڵام لە کۆی کوتایی دەنگی بەدەست هێنا کە بگاتە کوتا کەداندراوە بۆ یەك شوێن لەلایەنی کەمەوە ("شوێنی بژێردراو"),هەروەها شوێنەکانی کە مایەوە دابەش کرا لەسەر قەوارەسیاسی یەکان کە شوێنی بەدەست هێنا لەسەر ڕادەی پارێزگاکان ,بەپاڵپشتی ژمارەی دەنگەکان کە بەدەستی هێنا لەسەر ڕادەی نیشتیمانی.
دەقی یاسای هەڵبژاردن وادەچەسپێنی کە دەنگەکانی دەرەوەی وولات بژمێردرێ "لەسەر ڕادەی نیشتیمانی".هەروەها دەنگەکانی دەرەوە (298.300 یان 1.9٪ لەکۆی دەنگەکان ) ژمێردرا تەنها لە دەنگدان بۆ شوێنە 45 کە داندراوە بە ڕادەی نیشتیمانی ,لەکاتێك کە دەنگەکانی کە دڕا لە ناو عێراق بەکار هێنڕا لە دابەش کردنی شوێنەکان لەسەر ڕادەی نیشتیمانی و دابەش کردنی بە ڕادەی پارێزگاکان .
مەرجەکانی کەسێتی یاسایی دەنگدەر و ڕادەی خزمەت گوزاری پێشکەش کراو بۆ عێراقی یەکانی دەرەوەی وولات (مانای دەنگدان بە ئامادەبوونی کەسەکە خۆی لە 15 وولات و48 شاردا ) ئاسان کرا بوو هەتا ڕادەیەکی زۆی .وجێ بەجێ کردنی دوو بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوە کرا لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك .

## ڕاسپاردەیەك بۆ پەرلەمانی عێراقی :

ڕوون کردنەوەی مافەکان و ئەرکەکانی هەڵبژاردن بۆ عێراقی یەکانی نیشتەجێن لە دەرەوە ,لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری بۆ دەنگدەران لە چوارچێوەی هەر بەرنامەیەکی دەنگدان لە دەرەوە لە پاشەڕۆژدا .

## بەرێوەبردنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات :

لەسەرەتای تشرینی دووەمی 2005 دا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق یەکێکی هەڵبژاردن لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی کۆمسیۆن بۆ سەرۆکایەتی بەنامەی کۆمسیۆنی تابەت بە دەنگدان لەدەرەوەی عێراق .هەستا بەدانانی سکرتاریەی بەرنامەکە لە پایتەختی ئەردەنی عەمان لە 5 تشرینی دووەمدا ,و بەخێرایی ژمارەی فەرمانبەرەکان بەرز بۆیەوە وگەیشتە 60 فەرمان بەری بەردەوامی .

## دانانی نوسینگەکان لە وولاتەکاندا :

نوسینگەکان داندران لە وولاتەکاندا (15 وولات) ونوسینگەکانی هەڵبژاردن لە 48 دەزگادا ئەوەش بەیەك سانی لەگەڵ دامەزراندنی فەرمانبەران بۆ کارکردن لە نوسینگەی سکرتاریەت لە عەماندا ,لە قۆناغی یەکەمدا هەستان بەناردنی بەرێوەبەری وولاتی و بەرێوبەرێکی دارایی لە تیمی کۆمسیۆن لە بەغدا بۆ هەر وولاتێك ,وەزارەتی دەرەوە هەستا لەرێگای سەفارەتی عێراقی لەهەر وولاتێك بەگفت وگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی وولاتەکاندا ودامەزراندنی فەرمانبەرەکان لە چوارچێوەی بەرنامەکەدا.

## پەیوەندی لەگەڵ حکومەتەکانی وولاتەکاندا :

لەگەڵ جیاوازی لە تاقی کردنەوەی رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن لەکاتی بەرنامەی یەکەمی دەنگدانی عێراقی لە دەرەوەی وولات , کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بەرەنگاری تەنگ وچەڵەمەی ڕاستەقینە نەبوو بۆ دەسکەوتنی بە رێگاپێدان لەلایەن حکومەتی وولاتەکانەوە بۆ بەرێوەبردنی بەرنامەی دووەمی دەنگدان لە دەرەوە لە 12 وولات لە کۆی 15 وولات , کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کاری کرد بەبێ بوونی هیچ رێك کەوتنێکی نووسراو .
حکومەتی وولاتەکانی دەرەوە پاڵپشتێکی زۆر گرنگ وجۆراوجۆر پێشکەش کرد بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ,لەگەڵ بوونی هەندی بارودۆخ کە کاری کردە سەر کرداری هەڵبژاردن بۆ نموونە وەکو پۆلیسی ئەردەنی لەعەمان هەڵدەستا بەدڵنیا بوون لە ناسنامەی هەموو دەنگدەرێك کە بوو بەهۆی گرتنی 20 عێراقی کە ناسنامەی یاسایی یان پێ نەبوو ,گرتنی 34 تر کە بەنیازبوون دەنگ بدەن جارێکی تر .

## دامەزراندنی فەرمانبەران و مەشق پێ کردنیان :

سکرتاریەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بۆ بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوە و نوسینگەکانی وولاتەکان سەر بەکۆمسیۆن تەواو بوو لەدامەزراندنی فەرمانبەرەکانی هەڵبژاردن لە سەرەتای کانوونی یەکەم کە ژمارەی فەرمانبەرەکان کەیشتە 370

فەرمانبەر .درەنگ دامەزراندنی ئەم فەرمانبەرانە بوو بەهۆی نەبوونی ڕوونی لە کرداری دامەزراندن لەهەندێ وولاّتدا .کەزۆربەی فەرمانبەران دامەزران بۆ ماوەی کورت یان درێژ بەبێ هیچ پەیمانێکی نووسراو یان مەرجی کارکردن لە سەرەتای کارەکەدا .لەکاتی داهاتوودا پەیمان نووسرا لەگەڵ فەرمانبەرەکان لەگەڵ ئەوەی کە مەرجەکانی دامەزراندن رێك نەئەکەوت لەهەموو کاتێکدا لەگەڵ یاسای وولاّتەکەدا ,بەلاّم ئەبێت ئەم تەنگ وچەڵەمانە لەبواری دامەزراندنە چارەسەر بکرێت لە پاشەرۆژدا.

لەگەڵ هەبوونی فەرمانبەرانی سەرەکی شدا هەستان بەدامەزراندنی 4500 فەرمانبەر بۆ ویستگەکانی دەنگدان و 1100 بۆ بنکەکانی دەنگدان لەنێوان کۆمەڵێك لەشارەزاکان ,لە نێوان ئەوانەدا 50- 75 ٪ بەشداری یان کردبوو لە کارکردن لە بەرنامەی دەنگدانی دەرەوە ,چاودێرەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی وارایانگەیاند کە بەردەوامی فەرمانبەرە شارەزاکان بەکار بهێنرێن وەکو یارمەتی دەرێك بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوە.زووربەی تەنگ وچەڵەمەکان و نارەحەتی لە فەرمایشتی یەکان و خولی فەرمانبەرەکان لە وولاّتەکاندا کە بەرنامەی دەنگدانی تیا کرا بۆ جاری یەکەم بە هۆی کەم شارەزایی یەوە بوو.بەرامبەر ئەمەش زۆربەی بەرێوەبەرەکانی نوسینگەکانی وولاّتەکان (کە نێردرابوون لە بەغدا ) شارەزایی گۆرەپانی ڕاستەوخۆیان نەبوو وهەروەها شارەزایی بەرێوەبەرایەتی پێویست یان نەبوو بۆ سەرۆکایەتی ئەم کردارە ئاڵۆزە بەشێوەیەکی چالاك . لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لەم بەرێوەبەرانە زانیاری کەم یان هەبوو لەسەر ئەو وولاّتەی کەمیوانن لێ ی وتوانای قسە کردن بە زمانەکەیان نەبوو .

شێوەی دامەزراندنی فەرمانبەرانی تۆمارکردن ودەنگدان جیاواز بوو لەوولاّتێك بۆ وولاّتێکی تر .وەکو لەئەلمانیا و نەمسا سەفارەی عێراقی هەستا بە هەڵبژاردنی فەرمانبەران ,لەکاتێدا کە نوسینگەکانی وولاّتەکان هەستان بە هەڵبژاردنی فەرمان بەرەکان لەنێوان ئەم کۆمەلاّنە لە هەڵبژێراوەکان .زۆربەی نوسینگەی وولاّتەکانی تر هەستان بەدامەزراندنی فەرمانبەرەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چاودێرانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی ڕایانگەیاند کە بەشێوەیەکی گشتی یەکسانی هەبوو لە دابەشکردنی نێرەو مێ یە لە کرداری دامەزراندنی فەرمانبەرانی تۆمارکردن ودەنگدان .ئەمەش بە پێچەوانەی جۆراوجۆری لە نێوان عێراقی یەکاندا .بەلاّم لەوەئەچێت کەکارێکی تەواوەتی نەکرا بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە تورکیا وسوریا .هەروەها چەند سکالاّیەك پێشکەش کرا لەهەندێ وولاّتدا لە دامەزراندنی فەرمانبەران کرا بەشێوەیەکی سیاسی ,لەکاتێك دا کەهیچ بەڵگەیەك نەبوو بۆ ڕاستی ئەم کارە بەلاّم نەبوونی ڕوونی لە کرداری دامەزراندن ئاشکرابوو .هەروەها تێبینی کرا کە هەمان تەنگ وچەڵەمە هەبوو لە بەرنامەی ئەکەمی دەنگدان لەدەرەوەی وولاّتی عێراق.

## ئاسایش :

هیچ ڕووداوێکی ئاسایشی بەترس رووی نەدا لە 15 وولاّتەکەدا تەنها کە تەنگ وچەڵەمە ئەبوو لەنێوان دەنگدەراندا لە هەندێ لە وولاّتەکاندا ,وپەلامەردانی تورکیا لەسەر دەنگدەرە کوردەکانی کەهاتبوون بۆ دەنگدان لە بولغاریاوە ,و فرێدانی مۆلۆتوف لە پەنجەرەکانی بنکەکانی دەنگدان لە ستوکهۆلم دوای تەواو بوونی کرداری دەنگدان ,لەگەڵ سێ هەرەشە کەکرا لەئێران , کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق پشتی بەست بەئاسایشی کەدابین کرابوو لەوولاّتەکان بەپاڵپشتی بەستنی پەیمان لەگەڵ کۆمپانیای ئاسایشی تایبەت و هەندێ ڕاوێشکاری ئاسایش .لەگەڵ پشکنینی دەنگدەران لەزۆربەی بنکەکان بە ئامێری پشکنینی کانزا وهەروەها گوێزانەوەی کەرەستەی هەستدار و هەڵگرتنی بەشێوەیەکی ئاسایش .

## پەیوەندی لەگەڵ نوسینگەکانی وولاتەکاندا :

بەهۆی ئەو کەم تەرخەمی کە درووست بوو لە دەست بەسەرا کرتنی بەریوەبەرەکان لە نوسینگەکانی وولاتەکان بۆ بەهۆی بلاوبونەوەی زانیاری یەکان ,لەگەڵ پالپشتی کەمی گۆرەپانی لەلایەن نوسینگەی بەرنامەی سەرەکی لە عەمان ,لگەڵ رووداوێکی زۆر لە جیاوازی لە کارکردندا لە نێوان وولاتە جیاوازەکاندا کەئەم بەرنامەیەی کرتەوە.پەیوەندی کردن لە نێوان بنکەی سەرەکی ئەم بەرنامەیە لە عەمان و تیمی وولاتە جیاوازەکان زۆر لاواز بوو لەرۆژەکانی کۆتایی پێش هەڵبژاردن ,بەپلەیەك وای لە بەریوەبەرەکانی نوسینگەی وولاتەکانی کرد لە زۆربەی کاتدا بریاربدەن لەیەك لایەنەوە .بۆ نمونە بریاردرا لەسەر ئاستی وولاتی سەبارەت بە زیادکردنی کاتی دەنگدان یان زیاد نەکردنی ,یان رێدان بەچاودێرەکان لەسەیر کردنی لیستەکانی دەنگدەران ,وکاتی لێخۆشبوون لە ئەندامەکانی ئاسایش لە کارەکەیان ,وکاتی بژاردنی لاپەرەی دەنگدان ,وکەی وچۆن کەرەستە هەسدارەکان بخرێتە ناوەوە,وچی پێویستە ڕابگێندرێ بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆ .هیچ فەرمایشتێکی تازە دابەش نەکرا بۆ بەرێوەبردنی کردارەکان بۆ تیمی کارکەر لە وولاتە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی داواکراو.وزۆربەی ئەم برپارانە کاری نەکردە سەر جێ بەجێ کردنی بەرنامەکە ئەگەر بەتنیاتەنیا برپار بدرایە بەڵام پێکەوە بوو بەهۆی درووست بوونی ئاستێکی دیار بۆ خزمەت کردنی دەنگدەرە عێراقی یەکان لە وولاتە جیاوازەکان .

## ڕاسپاردەکان بۆ کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

1. لێکۆڵینەوە لە باری ئاسایش تابەت بەهەموو دەزگاکانی کۆمسیۆنی بالای و فەرمانبەرەکانی و کەرستەکانی دەنگدانی تابەت پێ ی بەلایەنی کەمەوە دەبێت لەژێر چاودێری کەمترین ڕێژەی ئاشایش بێت بەپێ ی ڕاسپاردەکانی شارەزایانی ئاسایش.
2. دامەزراندنی فەرمانبەران لەگەڵ چاودێری کردنی یەکسانی لە نێوان نێرەو مێیە ونواندنی شارەزایی و زیرەکی زمان.
3. دڵنیابوون لەوەی کە فەرمانبەران کاردەکەن بەپێ ی پەیمانبەستی کارکردنێکی ڕاست بەپێ ی یاساکانی کارکردنی ناوخۆ بەپێ ی رێسا ورەوشت .
4. دامەزراندنی فەرمانبەری سەرەکی لە بنکە سەرەکی یەکاندا بۆ هاوپەیوەندی کردارەکان لە نوسینگەکانی وولاتەکاندا ,ودڵنیابوون لە بەرێوبەرەکانی نوسینگەکانی وولاتەکان کە وریاوشارەزان بە پێ ی پێویست .
5. هەوڵدانێکی زیاتر بۆ بەستنی پەیمان لەگەڵ وولاتەکان کە کرداری هەڵبژاردنی تیادەکرێت لەسەر چەند بابەتێك کە پەیوەندی هەیە بە ئاسایش و گومرك و کاروباری خەرجی وزانیاری یە گشتی یەکان پاراستنی دەنگدەران و وزمانەکانی کار.

## گەشتی زانیاری یە گشتی یەکان :

گەشتی زانیاری یە گشتی یەکان بۆ بەرنامەی دووەم کەمتر پەرەی سەند لە کاتی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی یەکەم .ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کورتی ماوەکەی کەبۆی داندرابوو ,پشت بەستن بەکومەڵەیەکی دیاری کراو لە بلاوکراوەکانی خزمەت گوزاری گشتی کە داپۆشرا بە شێوەیەکی گەورە لەسەر تۆرەکانی دەنگ وباسی سەرەکی ,وەکو CNN وBBC وژمارەیەك لەتۆرەکانی دەنگ وباسی عەرەبی لەگەڵ بلاوکراوەکان وپۆستەرەکان کە داندرا لەلایەن کۆمسیونەوە .

هەندێ لەووڵاتەکان ئەم پۆستەرانەیان بەدەست نەگەیشت ,هەستان بەئامادە کردنی چاپکراوی تایبەت .هەندێ لە ڕاپۆرتەکان ڕایانگەیاند کە لایەنگیری کرا لەگەشتی زانیاری یە گشتی یەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لەیەك لایەندا لەتورکیا ,دورخستنەوەی کەرەستەکانی کە ئامادەکراوە بەزمانی کوردی لە سوریا و تورکیا ,ولەئێران مەرجی ڕێدانی حکومەت لەسەر کەرەستەکان داندرا (کە لەزۆربەی کاتدا رێ ی پێ نەئەدرا) ,زانیاری یە خزمەت گوزاری یەکان کە بلاو دەکرایەوە لە تۆرەکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی هانی دەنگدەرانی دەدا بۆ بەشداری کردن لە کاری دەنگداندا لەجیاتی بلاوکردنی زانیاری یە دیاری کراوەکان لەسەر بنکەکانی دەنگدان و یان بروانامەی داواکراو .

هەروەها بنکەیەکی پەیوەندی کردن دامەزرا کە خزمەتی وولام دان بەتەلەفون پێشکەشی ئەکرد بۆ دەنگدەران لە هەموو جیهاندا ,ئەم لایەنە لە کارەکە بەرێوەچوو بە شێوەیەکی رسك وپێك .لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی ئەلکترۆنی کە ئەمە ناونیشانەکەیەتی www.ieci-ocv.org زانیاری تەواوەتی پێشکەش دەکرد بۆ دەنگدەران ,لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەیەك لە لەم شوێنە ئەلکترونی یانە دەستیان بە کار کرد لە کاتێکی درەنگ لە کرداری هەڵبژاردندا.لەگەڵ ئەوەی کە کەم وکوری هەبوو لە زانیاری یە گشتی یەکان بۆ دەنگدەران بەلام دەنگدەران زانیاری یەکی تاڕادەیەك باش یان هەبوو بەرامبەر ئەم کردارە.

## ڕاسپاردەکان بۆ کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

1. دانانی زانیاری گشتی بۆ دەنگدەران کە لەناوخۆ دابندرێت .
2. پێشکەش کردنی هەموو زانیاری یە گشتی یەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و بەزمانی ئەو وولاتەی کە میوانن لەلای .

## ڕاگەیاندن :

کۆمسیۆنی بالا کۆی کرد لە نێوان کاری پەیوەندی دەرەوە لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن وکاری پەیوەندی بە جەماوەر بۆ فێرکردنی بەتایبەتی کرداری هەڵبژاردن.هەستانی بەم دوو کارە لەهەمان کاتدا کاری کردە سەر کاری ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی شڵەژاو ,وەکو گەشتەکانی ڕاگەیاندن کەدەرچووە لە بنکەی سەرەکی کەم بوو,لەکاتێکدا کە بنکەیەکی ڕاگەیاندنی تایبەت و ئیستراتیجی یەکی ڕاگەیاندنی تایبەت نەبوو ,وهەروەها کاتێکی دیاری کراو نەبوو بۆ پەیوەندی بە ڕاگەیاندن ,کاری نوسینگەی ڕاگەیاندن ئەوەبوو

تەنها بڵاوکردنەوەی نامەی فێرکردنی دەنگدەران کە ئەوە کاری دەزگای پەیوەندی لەگەڵ جەماوەرە ,لەکاتێك کەپێویست بوو لەسەر نوسینگەی ڕاگەیاندن کە کار بکات لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی وهەڵبستێت بە بەستنی کۆنگرەی میدیا .
زۆربەی بەرێوەبەرانی نوسینگەکانی وولاتەکان هەستان بە بەستنی کۆنگرەی میدیا لە ماوەی هەفتەی یەکەمی لە مانگی کانوونی یەکەم ,کە بەشداری یەکی زۆری تێدا کرا لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەوەش یارمەتی دا لە پێشکەش کردنی زانیاری یەکان بۆ نوسینگەکانی ڕاگەیاندن ,بەشێوەیەکی گشتی کاری داپۆشینی ڕاگەیاندن بە رێك وپێکی بەرێوەچوو.

## ڕاسپاردەکان بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

1. بەستنی کۆنگرەی میدیا لەکاتێکی زوتر وبە شێوەیەکی بەرز بۆ پێشکەش کردنی زانیاری یەکان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی باشتر.
2. پێویستە جیاکردنەوە هەبێت لە نێوان ڕادەی بەرێوەبردن زۆر بە ڕوونی ولە نێوان کاری ڕاگەیاندن وکاری پەیوەندی بە جەماوەر بۆ فێرکردن وڕاگەیاندنی دەنگدەر.

## فەرمایشتەکان و مەشق کردن :

### دانانی فەرمایشتەکان :

کۆمسیۆنی باڵا هەستا بە دانانی بەڵگەی فەرمایشتەکان بەزمانی عەرەبی ,بەیارمەتی لەلایەن تیمی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتی دان لە هەڵبژاردن (IEAT ) لە عەمان و بەغدا .کە پشتی بەست بە فەرمایشتەکان کە بەکار هێنرا لە عێراق وئەوەی کە بەکار هێنرا لە کانوونی دووەمی 2005 بۆ بەرێوەبردنی بەرنامەی دەنگدانی یەکەمی لە دەرەوەی وولات .بەڵام هەندی زانیاری کەم بوو لەم بەڵگەیە ,لە زۆربەی کاتدا کاری فەرمانبەرانی ویستگەکانی دەنگدان ئاڵۆز ئەبوو لەگەڵ کاری فەرمانبەرانی بنکەکانی دەنگدان .هەروەها فەرمایشتەکانی ژماردن ڕوون نەبوو .لەکۆتایی دا ,بەپێ ی ماوەی کەم بۆ دانانی بەڵگەیەك وچاپکردنی هیچ بەڵگەیەك ولیستەی پێداچوونەوەیەك دانەندرا بۆ یارمەتی لە تێگەیشتنی فەرمایشتەکان ومەشق کردن لەسەری.

### مەشق کردنی فەرمانبەران :

مەشق کردنی مەشق کەران رێك وپێك بوو ئەوانەی کە هەستان بەکاری مەق کردنی مەشق کەران کاریان کردبوو لەماوەی بەرنامەی یەکەمی دەنگدان لەدەرەوە لە کانوونی دووەمی 2005 .بەڵام دەقی فەرمایشتەکان لەوکاتەدا ئامادە نەبوو ,هیچ کەرەستەیەکی هەڵبژاردن یان نموونەیەك لە پسولەکانی دەنگدان بەکار نەهێندرا لە ماوەی مەشق کردندا خاڵی سەرەکی بۆ مەشق کردن بریتی بوو لە تۆمارکردن و دەنگدان ,لەگەڵ کەمێك لە چاودێری کردنی چاودێرەکان و کرداری جیاکردنەوەی دەنگەکان یان رێکخستنی کەرەستەکان .
لەگەڵ ئەوەی کە پاشکۆی فەرمایشتەکان تێر وتەسەل بوو ,بەڵام کەمێك لە فەرمانبەرانی بنکەکانی دەنگدان توانیان بەکاری بهێنن (بەهۆی درەنگ دانانی) لەجیاتی بەکارهێنانی بەڵگەی فەرمایشتەکان زۆربەیان هەڵەستان بەپرسیاری مەشق کەرەکان بۆ چۆنێتی

بەکارهێنانی فەرمایتە سەرەکی یەکان .پێویستە بۆ هەرکارێك لەپاشەرۆژدا کە پاشکۆیەکی فەرمایشتەکان دابندرێت لەکاتێکی دیاری کراو بۆ مەشق کردن ,متمانەکردنی سەیرکردنی هەموو فەرمانبەران لەسەر ناوەرۆکەکەی .
بەشێوەیەکی گشتی فەرمانبەرەکان مەشق یان کرد بەشێوەیەکی تێر وتەسەل لەسەر فەرمایشتەکانی تۆمارکردن و دەنگدان ,بەلأم لەهەندێ کاتدا هەندێ لە فەرمایشتەکان تێ نەئەگەیشتن بۆ نموونە :

- دەنگدانی خێزانی تەنگ وچەڵەمەیەکی هاوبەش بوو لەهەموو وولأتەکاندا.
- لەزۆربەی کاتدا لاپەرەی دەنگدان کەنیشانەیان دەکرد لێ یانەئەکردەوە لە سێ لاپەرەکانی تر کە نیشانە نەکراوە بەرێگایەك کە چۆنێتی دەنگدانی دەنگدەر پیشان بدات .
- نوێنەرەکانی قەوارە سیاسی یەکان لەهەندێ کاتدا یارمەتی یان پێشکەش دەکرد بۆ دەنگدەرە نەخوێندەوارەکان لە کاتی دەنگداندا .
- خولی چاودێرەکان ئاشکرا نەبوو بە شێوەیەکی باش,هەتا هەندی لە فەرمانبەران باوەریان وابوو کە ناتوانن کاربکەن بەبێ ئامادەبوونی چاودێرەکان ,یان پێویستە پرسیار لەچاودێرەکان بکەن سەبارەت بە فەرمایشتەکانی کە بەپێچ ی کاردەکرێت.
- ئامادە کردنێکی کەم لەهەندێ وستگەکانی دەنگدان لەگەڵ بچووکی قەبارەی پەردەی دەنگدان بۆ بەهۆی کەم بوونەوەی تابەتی پێویست بۆ دەنگدەر لەکاتی دەنگدانی بەنهێنی .

مەشق کەرەکان رێگایان پێدرابوو کە زانیاری یە فەرمایشتەکان پێشکەش بکەن بۆ هەموو فەرمانبەرانی دەنگدان , ئەم سەربەخۆیی یە زۆر گرنگ بوو لەکاتی کرداری ژماردن ,بەشێوەیەکی گشتی خولی مەشق کەران زیندوو بوو بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوە ,بەلأم خولێکی تازە بوو ,لەکاتێکدا کە مەشق کەر دەسەلأتی بڕیاردانی کارگێری هەبوو لەماوەی ئەو سێ یان چوار رۆژەی کە کرداری تۆمارکردن ودەنگدان وژماردنی دەنگەکانی تیاروودا.

### ڕاسپاردەکان بۆ کۆمسیۆنی بالأی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

1. لێ کۆلێنەوە لەوەی کەمەشق کەران زیاتر لێپرسراو دەبن لەبەردەم بەرێوبەری نوسینگەکانی وولأتەکەدا/ نوسینگە گۆرەپانی یەکان,کە پێویستە سەیری فەرمایشتە دوابەدوا بکەن بەشێوەیەکی تەواوەتی .
2. پەرەپێدانی پاشکۆیەکی ئاسان و ڕوون کراوە بۆ فەرمایشتەکان /مەشق کردن ,دانانی وێنەکان تیایدا بەشێوەیەکی ڕوون کراوە کەهەموو هەنگاوەکانی تۆمارکردن ودەنگدان ورێکخستنی ویستگەی دەنگدان پێشان بدات.
3. دڵنیابوون لەوەی هەموو فەرمانبەرانی هەڵبژاردن لەویستگەکان وبنکەکانی دەنگدان مەشق یان پێ کراوە بەشێوەیەکی تەواوەتی لەسەر هەموو فەرمایشتە داواکراوەکان.

## تۆمارکردنی دەنگدەران :

لەبەر چەند جیاوازی یەك کە رووی دا لە ماوەی بەرنامەی دەرەوەی یەکەمی دەنگداندا ,هەردوو کرداری تۆمارکردن ودەنگدان کۆکرایەوە بۆئەوەی دەنگدەران بتوانن تۆمار بکەن ودەنگبدەن لەیەك کاتدا لەجیاتی دوو کاتدا.دوای تەواوبوونی بەرنامەی یەکەم , کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کردن ڕاسپارد بەکوکردنەوەی هەموو زانیاری یە تایبەت بە دەنگدەران لە یەك لیستەدا بۆ بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوە ,ئەم لیستەیەش هەڵگیرا بۆ کاتێکی دوایی دوای لابردنی هەڵەکان ,بۆ نموونە وەکو ناو دووبارەکان و تەواو بوون لەدانی لەمانگی ئازاری 2005 /مارس .بەڵام لەجیاتی بەکارهێنانی ئەم لیستەیە ,بریار دەرکرا بە ئامادە کردنی تۆمارکردنێکی تازە بۆ دەنگدەران ,بەڵام مەرجی کەسێتی یاسایی بۆ دەنگدەر نەگۆررا . مەرجی کەسێتی یاسایی بۆ توانینی دەنگدان لەچوارچێوەی بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوە داوا دەکات لەدەنگدەری پێشکەش کەر بۆ تۆمارکردن :

1. پێویستە هاووڵاتی یەکی عێراقی بێت بەپێ ی دەستووری عێراقی .
2. دەبێت لەدایك بووی لە بەرواری 31 کانوونی یەکەمی 1987 یان پێش ئەم بەرروارە بێت.
3. بروانامەی پێویست بۆ سەلماندنی کەسێتی دەربخات.

لەگەڵ ئەوەی کە شوێنی ئەنتەرنێت سەر بە کۆمسیۆنی باڵا لیستەیەکی بڵاو کردەوە بەبروانامەکانی کەپێویستە بۆ تۆمارکردن ,بەڵام لەکاتی روودانی بەرنامەکەدا هەر شارێك تارادەیەکی زۆر خۆی بریاری دەدا بە جۆری بروانامەکەی کەپێشکەش دەکرا بۆ سەلماندنی کەسێتی دەنگدەر .لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆمارکردن رووی دا پێش دەنگدان راستەوخۆ وای کرد کە دەنگدەران نەیان توانی زۆر لە بروانامەکان ئامادە بکەن لەکاتی دەنگداندا .ئەنجامی یەك نەبوونی رێژەکان لەنێوان وولاتەکاندا بۆ بەهۆی زیانی لیستەی دەنگدەران تایبەت بە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات .

لەکاتی کرداری تۆمارکردن تەنها ناو ورۆژی لەدایك بوونی دەنگدەر تۆمارکرا,بەشێوەیەکی گشتی بەپێ ی فەرمایشتەکان نەکرا کەداوای کرد بە تۆمارکردنی "زانیاری تری "دەنگدەر.کرداری کۆ کردنەوەی زانیاری یەکان بەم شێوە نارێکە توانای پێداچونەوەی لیستەکانی دەنگدەرانی دوورخستەوە ,یان توانای بەکارهێنانی بۆ دیاری کردنی کەسێتی دەنگدەران کە دەنگی خۆیان داوە زیاتر لە جارێك .

هەروەها روودانی تۆمارکردن و دەنگدان لەماوەی هەمان رۆژدا پێشاندانی لیستەکانی دەنگدەرانی کاتی لەبەر دەم جەماوەر دوور خستەوە .لەکاتێکدا کە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی بریاری دا لەسەر ماوەی کاتەکە وکارکردن وخەرجی پێویست لەدەنگدەران بۆ هەستان بە دوو قۆناغی جیاجیا و هەستان بە هەریەك لە تۆمارکردن و دەنگدان ,بەڵام پێداچوونەوەی ئاشکرا بۆ لیستەی دەنگدەران پارێزگاری دەکات لەسەر ڕوونی لیستەکانی دەنگدەران.

لیستەی دەنگدەران بەکار نەهێندرا بۆ مەترسی لەوەی لەو کەم وکووری یانەی کەتێیدایە ببێ بەهۆی دواکەوتن لە ناسینی ناسنامەی دەنگدەران لە رۆژی دەنگداندا ,داواکار وابوو بەدانانی ئامێرێکی ئاسان کە بتوانن لەرێگەیەوە بەزیاد کردنی دەنگدەرانی تازە یان روودانی هەر گۆرانێك لە لیستەکانی دەنگدەران لە کاتی کرداری دەنگداندا.ئەتوانین بڵێن کەئەم هەڵبژاردنە نەیتوانی بە چاك کردنی

لیستەی دەنگدەران و بەشداری کردن بۆ دۆزینەوەی لیستەیەکی تر بۆ دەنگدەرانی دەرەوە .داوا دەکرێت لە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوە لە پاشەرۆژدا بە دانانی لیستەی دەنگدەران جارێکی تر.

## ڕاسپاردەکان بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

1. تۆمارکردنی ژمارەی گەراوەو بروانامە یان بروانامەکانی بەکار هێندراوە لە لایەن دەنگدەران بۆ سەلماندنی کەسێتی یاسایی دەنگدان.
2. کۆ کردنەوەی زانیاری یەکان لەسەر دەنگدەران بەشێوەیەك کە ڕێگا بدات بە دووبارە بەکارهێنانی لە پاشەرۆژدا.
3. دانانی کاتی پێویست بۆ پیشاندانی لیستەکانی تۆمارکردنی دەنگدەرانی کاتی بۆ جەماوەر.
4. دانانی لیستەیەك لەسەر بروانەمەکانی پێویستە دەربخرێت بۆ سەلماندنی کەسێتی عێراقی.

## دەنگدان :

دەنگدەران تۆماریان کرد دوای ئەوە هەستان بە دەنگدانی دەنگەکانیان لە ویستگەکانی "هەڵبژاردن" – کە بریتی یە لە ژۆرێکی بچووك یان بەشێکی دیاری کراو بەهۆی دابرێکەوە لە شوێنەکەدا ئەگەر فراوان بێ وەکو هۆڵێکی گەورە .هەنگاوەکانی کە پەیوەندی هەبوو بە دەرچوونی لاپەرەی دەنگدانەوە ,وفێربوونی ,وچوونێتی مۆرکردنی پەنجەی دەنگدەر ,وچۆنێتی دانانی لاپەرەی دەنگدان لەناو سنوقەکە بەشێوەیەکی رێك جێ بەجێ کرا لەلایەن فەرمانبەران ودەنگدەرانەوە .بەڵام هەندێ تەنگ وچەڵەمەی تەقەنی رووی دا کەپەیوەندی هەبوو بە دانانی مۆرەکەوە لەسەر پەنجەی دەنگدەر وچوونێتی دانانی لاپەرەی دەنگدان ,ئەو کارە بوو بە هۆی قورسی لەکارەکە.

## مۆر کردن ودەنگدان زیاتر لەیەك جار :

مۆری کەناروات بەکار هێندرا بۆ مۆرکردنی پەنجەی دەستی ڕاستی دەنگدەر دوای ئەوەی کە هەڵدەستی بە نیشان کردی لاپەری دەنگدان وپێش دانانی لە سنوقی دەنگدان .لەکاتی ون بوونی لیستە بەناوی دەنگدەران ئەم مۆرە تەنها ڕێگەبوو بۆ ئەوەی دەنگدەر دەنگی خۆی بدات تەنها یەك جار ,بەڵام بەکارهێنانی ئەم مۆرە نەکرا بەشێوەیەکی ڕاست ,وچەند ڕاپۆرتێك بڵاوکرا کە ژمارەیەکی کەم لە دەنگدەران ئەم مۆرەیان لادەبر لە پەنجەیان بە بەکارهێنانی گیراوەی کیمیاوی جیاواز,بۆ ئەوەی کە دەنگ بدەن جارێکی تر .لەزۆربەی کاتدا فەرمانبەران چاو کراوەبوون و نەیاندەهێشت ئەم کارە روو بدات .ئەوانەی کە توانیان بەم کارە هەڵبستن تەنها ژمارەیەکی کەم بوون .تەها ئەم تەنگ وچەڵەمەیە تۆمارکرا لە شاری ئەستەنبوڵ لە تورکیا کە فەرمانبەران و بەشێوەیەکی دووبارە تێبینی یان نەدەکرد کە مۆر هەیە لەسەر پەنجەی دەنگدەران .لەپاشە رۆژدا پێویستە لەکاتی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوە پێداچونەوەیەك بکرێت بۆ بەکارهێنانی ئەم مۆرە چونکە تەنها کارە بۆ نەهێشتنی دەنگدانی دەنگدەر زیاتر لە یەك جار.

لاپەڕەی دەنگدان :

لاپەڕەی دەنگدان پێك هاتووە لە چوار پەڕەی A3 کە بەیەك نووسراوە .بەکارهێنانی ئەم لاپەڕە گەورەیە کە چەند پەڕەیەك بوو گران بوو لەسەر دەنگدەران و فەرمانبەران ,چوارچێوەی هەڵبژاردنی قەوارە سیاسی یەکان لەسەر لای چەپەی پەڕەکە بوو ,وژمارەی قەوارەکە لەلای ڕاستەی چوارچێوەکەی بەرامبەری بوو ,کە ئەمە بوو بەهۆی شڵەژاندنی هەندێ دەنگدەران – ئەوانەی کە ڕانەهاتبوون بە خوێندنەوەی عەرەبی .
بەهۆی ئاڵۆزی لاپەڕەی دەنگدانەوە ,دەنگدەر لە زۆربەی کاتدا پێویستی بەڕوون کردنەوەی زیاتر هەبوو ,ئەمەش وای کرد کە هەندێ لە فەرمانبەران , یان هەندێ لە نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان ,کە بچنە پشت پەردەکەوە بۆ یارمەتی دانی دەنگدەر ,کە کاردەکاتە سەر نهێنی کردارەکەوە ,ئەمەش بوو بەهۆی ئەوە هەندێ کاتدا دەنگدان خێزانی بوو ,ئەویش بەهەستانی هەندێ کەس بە دەنگدان لەجیاتی خێزانەکان یانەوە .
وا داندرابوو کە تەنها لاپەڕەکەی نیشان کراو بخرێتە ناو سنوقی دەنگدان ,دوای کە فەرمانبەری دەرخەری لاپەری دەنگدان هەڵدەستێت بە لابردنی سێ لاپەرە نیشان نەکراو پێش خستنی لاپەڕەکە ناو سنوقی دەنگدان ,ئەوەش بوو بەهۆی کە لەهەندێ جار لە یەك لاپەر زیاتر دەخرایەوە ناو سنوقی دەنگدانەوە ,ولەهەندێ جار مۆری دەنگدان ئەرژا بەسەر لاپەری دەنگدانەوە لەکاتی مۆر کردنی پەنجەی دەنگدەر پێش دەنگدان.

ڕاسپاردەکان بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

1. دووبارە تاقی کردنەوەی بەکارهێنانی مۆری دەنگدان لەگەڵ کاری تر بۆ لابردنی شێواندن ,وەکو لیستەکانی دەنگدەران.
2. چاك کردنی لاپەڕێکی دەنگدان کە بەکار هێنانی ئاسان بێت وپێویست ناکا بەلابردنی لاپەڕەکانی تر.
3. مەشق پێ کردنی فەرمانبەری دەرخەری لاپەری دەنگدان بۆ فێرکردنی دەنگدەر لەسەر چۆنێتی نیشان کردنی لاپەری دەنگدان ,بەشێوەیەکی تایبەت یارمەتی دانی ئەو کەسانە کە زمانی عەرەبی نازانن .

## ژماردنی دەنگەکان :

لەزۆربەی وولاتەکان ,کرداری ژماردنی دەنگەکان زیاترین کردار کە تەنگ وچەڵەمەی تێدا رووی دا کە کاری کردە سەر وێنەی هەڵبژاردن .کرداری ژماردنی دەنگەکان کرا لە ویستگەکانی دەنگدان لەلایەن فەرمانبەرانی دەنگدان .وبریاری ژماردنی دەنگەکان لە شەوی ڕۆژی کۆتایی دەنگدان یان لە ڕۆژی پاشتر ,ئەم بریارە درا لەلایەن بەرێوەبەری وولاتەکەدا,بەپێ ی بریاری نوسینگەی سەرەکی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات .

لە نێوان تەنژ وچەڵەمەکانی کە رووی دا لە کاتی ژماردنی دەنگەکان :

- پلاندانی بەشێوەیەکی نارێك بۆ مێزەکان کە لاپەرەکان لەسەری ژمێردرا,ئەوەش بوو بەهۆی قورسی کرداری ژماردن وچاودێری .

- جیاوازی لە نیوان لاپەری ڕاست ولاپەری ناڕاست ڕوون کراوە نەبوو بۆ فەرمانبەرەکان لەزۆربەی کاتدا.
- مەشق کردنی فەرمانبەرانی ژماردن لاوازبوو لەهەندێ وولاتدا ,کەبوو بەهۆی شێواندن ودرەنگ کەوتن لە کردارەکە.

هەروەکو کە کرداری هەڵبژاردن لەناو عێراقدا ,هیچ توانایەك نەبوو بۆ پێشکەش کردنی کۆبیەکی ئەنجامەکان بە نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان یان بە چاودێرەکان .لەگەڵ ئەوەی کە ئەنجامەکان لەزۆربەی کاتدا لەژێر دەست بوو وتوانای کۆپی کردنی بەدەست هەبوو .لەگەڵ ئەم تەنگ وچەڵەمانە ,بەڵام چاودێرەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی کرداری ژماردن یان هەڵسنگاند بە ڕادەیەکی باش لە ڕوونی و نەبوونی شێواندن .ڕێژەی ناوەندی لاپەرە سپی یەکان (0,37 % ) بوو ,ولاپەرە بەتاڵەکان (0,64 % ) بوو ,کە زۆر کەم بوو لە ڕادەی ڕێژەی نێودەوڵەتی .ئەوەش دەگەرێتە وریایی دەنگدەران لە کاتی کردارەکە .

## ڕاسپاردەکان بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

1. دابین کردنی مەشق کردنی فەرمانبەران لەسەر فەرمایشتەکانی ژماردن بەشێوەیەکی جیاواز لە مەشق کردنی کرداری هەڵبژاردن .
2. دلنیابوون کە شوێنێکی فراوان هەیە بۆ ژماردنی لاپەرەکانی دەنگدان .
3. دڵنیابوون لە پێشکەش کردنی ئەنجامەکانی هەر ویستگەی دەنگدان .

## دانانی خشتەکانی ئەنجامەکان وگوێزانەوەی :

مەترسی هەبوو لە چۆنێتی خشتەکردنی ئەنجامەکان وگوێزانەوەی بۆ کۆمسیۆنی باڵا لە بەغدا.بەپێ ی فەرمایشتەکان نەکرا بەشێوەیەکی ڕێگ بۆ ئەوە چاودێری کردنی ئەم قۆناغە لەکرداری هەڵبژاردن قورس بوو .لەهەندێ کاتدا ئەجامەکان نێردرا (فۆرمی ژمارە 133 ) بۆ بەغا لەرێگای فاکسدا ,ولەهەندێ کاتدا بەرێوەبەری نوسینگەی وولات هەستا بە ناردنی بەدەست (وکو لە لوبنان ) .کەرەستە هەستدارەکان هەڵنەگیرا بەشێوەیەکی ڕێگ ,تەنها لە ئەڵمانیا .

ئەنجامەکانی رەسمی کەدەرچووە لە لایەن کۆمسیۆنی باڵا ڕاپگەیاند لە 20 کانوونی دووەمی 2006 کە 298,383 دەنگدەر دەنگیان دا .و نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی توانی بشکنینی ئەنجامەکان بکات بەشێوەیەکی بێ لایەن .دەرگەوت کە ژمارەی دەنگدەران زۆر نزیك بوو لە ژمارەکانی کە کۆمسیۆنی باڵا پێ ی ڕاگەیاند .جێ ی داخبوو کە توانای دڵنیابوون نەبوو بەشێوەیەکی بێ لایەن لە ژمارەی دەنگدەران لە هەموو وولاتەکاندا.لەهەندێ کاتدا ژمارەکانی کە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی پێشکەشی کرد ڕێك نەئەکەوت لەگەڵ ژمارەکانی کۆمسیۆنی باڵا.

## ڕاسپاردەکان بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

1. دابین کردنی مەشق کردنی بەرێوەبەرانی نوسینگەکانی وولاتەکان بۆ چۆنێتی خشتەکردنی ئەنجامەکان وگوێزانەوەی .
2. ڕێگا دان بە نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان و چاودێرەکان بەدەسکەوتنیان بە کۆپی یەکی ئەنجامەکان لە ویستگەکان وبنکەکانی دەنگدان و لەسەر ڕادەی وولاتەکە .
3. هەڵگرتنی کەرەستە هەستدارەکان بەشێوەیەکی ڕێك (لاپەرەکانی دەنگدان ) تا دڵنیابوون لە ئەنجامەکان .

## کرداری چاودێری ( نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان , دەزگاکانی ڕاگەیاندن ,چاودێرەکانی نێودەوڵەتی ) :

کۆمسیۆنی باڵا پشتی بەست بە چاودێری ناوخۆ ,ونوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان ,ونوێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ,وچاودێرە نێودەولەتی یەکان (نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی ) بۆ چاودێری کردنی بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی وولات .نوێنەرانی قەوارەسیاسی یەکان ئامادەبوون لە هەموو بنکەکانی دەنگداندا .وچاودێرەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی سەردانی هەموو ویستگەکانی دەنگدانیان کرد لەلایەنی کەمەوە جارێك لەرۆژدا.

چاودێرەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی توانیان کاربکەن لەگەڵ تیمی بەرێوەبردن لە نوسینگەی سەرەکی بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی وولات کە یارمەتی یەکی باشی پێشکەش کردن .لەگەڵ ئەو ئەرگە قورسەی سەرشانی بوو .لەگەڵ ئەوەشدا و لەسەر ڕادەی ویستگەکانی دەنگداندا ,ڕێگا نەدرا لەهەندێ جار بۆ چاودێرەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی بە چاودێری کردنی کردارەکانی تۆمارکردن ودەنگدان وژماردنی دەنگەکان .سیاسەتی یەکەم جار ئەوەبوو کە ڕێگا نەدرێت بە چاودێرەکان بەسەیر کردنی لیستەکانی دەنگدەران بەلآم لەماوەیەکی پاشتر ئەم سیاسەتە گۆرا ,ئەمەش بوو بەهۆی کەم ڕوونی هەڵبژاردن .

## ڕاسپاردەکان بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

1. دڵنیابوون لە ڕێگادانی چاودێرەکان بۆ چاودێری کردنی هەموو قۆناغەکانی کردارەکانی تۆمارکردن و دەنگدان و چماردنی دەنگەکان .
2. هاندانی قەوارەسیاسی یەکان وچاودیچرەکان بۆ دابین کردنی مەشق کردن بە چاودێرەکانیان .
3. دڵنیابوون لە ئیمزاکردنی هەموو چاودێرەکان ونوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان لەسەر رستەی هەڵس وکەوت .

## کرداری پێشکەش کردنی سکاڵاکان :

فەرمایشتی نوسراو داندرا بۆ پێشکەش کردنی سکاڵا لە چوارچێوەی بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی وولات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێش دەست پێ کردنی کرداری دەنگدان .ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵا لە بەغدا بەرپرس بوو بۆ وەرگرتنی سکاڵاکان بەتایبەتی بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی وولات وبریاردان بەرامبەر ئەم سکاڵانا.

لەزۆربەی کاتدا نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان تۆماریان کرد کە سکاڵایان دژی کۆمسیۆنی باڵا ئەخرا پشت گوێ .بەتایبەت کە مەرجی ئەوە هەبوو کە بەرپرسێك لە کۆمسیۆنی باڵا ئەبێت ئیمزا بکات لەسەر سکاڵای پێشکەش کراو .زۆربەی سکاڵاکان کە دەکرا بۆ چاودێرەکانی نێودەولەتی بەتایبەتی ئەوەبوو کە هەندێ لە فەرمانبەران بێ لایەن نەبوون و دەنگدانی ناعێراقی یەکان و هەستانی هەندێ لە دەنگدەران بە لابردنی مۆری دەنگدان لە پەنجەیان .

راسپاردەكان بۆ كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق :

1. برز كردنەوەی توانای كۆمسیۆن لە تاقی كردنەوەی لە سكاڵاكانی تایبەت بە بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی ووڵات لەكاتی پێویست .
2. چاك كردنەوەی فۆرمی سكاڵا كە دابین كراوە لە ویستگەكانی دەنگدان ,كە مەرجی ئیمزا كردنی بەرپرسی كۆمسیۆنی لەسەر نەبێت لەپاشەرۆژدا.

ئەنجامی كۆتایی :

لەگەڵ ڕێ گرەكانی وەخت و دارایی ,كۆمسیۆنی باڵا سەركەوتوو بوو لە بەرێوە بردنی بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی ووڵات لە 14 ووڵات لە كۆی 15 ووڵات بەپێ ڕێژەكانی نێودەوڵەتی ,دەسكەوتنێكی زۆر بەرز هەبوو لە بەرنامەی دەنگدان لەدەرەوەی ووڵات وەكو :

- سیستمی تۆماركردن و دەنگدان لەهەمان رۆژدا ڕێ ی دا بە 298,300 دەنگدەر كە دەنگیان بدەن (بە ڕێژەی 12,5 ٪ زیاتر لە بەرنامەی یەكەمی دەنگدان لە دەرەوە ).
- هیچ ڕوودانێكی ئاسایش ڕووی نەدا.
- لەوەدەچێت كە كردارەكە بەرێوە چوو بەپێ ی ڕێژەكانی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕوودانی زۆر كەم لە شێواندن .
- كەم كردنی خەرجی بە پێ ی بەرنامەی دەنگدانی پێشوو لە دەرەوەی ووڵات .
- بەكارهێنانی شارەزایی نێودەوڵەتی كە بەدەست كەوت لە بەرنامەی یەكەمی دەنگدان لەدەرەوەی ووڵات .
- ڕادەیەكی بەرز هەبوو لە پاڵپشتی حكومەكانی ووڵاتەكان .
- كاتی گرتنی هەندێ حاڵەتی شێواندن ,كۆمسیۆن كاری لەگەڵ كرد بەشێوەیەكی ڕێك .

فەرمایشتەكانی هەڵبژاردن و ژماردنی دەنگەكان كە بە پێ ی یاسا داندراوە ڕێك دەكەوێت لەگەڵ ڕاهێنانی دیموكراتی باوەرپێكراو ,جگەلەوەی كە یاسا (هەروەكو لە هەڵبژاردنی پێشوو ) ڕێگای نەدا بە قەوارە سیاسی یەكان بۆ دەست كەوتنیان بە ئەنجامەكانی جیاكردنەوەی دەنگەكان كە بریتی یە لە ژمارەی دەنگەكان.
تیمی هەڵسنگاندن سوپاسی دەرئەبرێت بەرامبەر كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بۆ هاوكاری كردنی ,وڕوونێتی ,وئامادەبوونی .تیمی هەڵسنگاندن لەو بڕوایەدایە كە داواكاری یەكانی كە پێشكەشی كرد بۆ دەسكەوتنی زانیاری یەكان و پێویستی یەكاتی تەواوەتی بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم ڕاپۆرتە ,بوو بو هۆی ڕاست كردنەوەی كاتە تایبەتی یەكانی كۆمسیۆنی باڵا بۆ بڵاوكردنەوەی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن .تیمی هەڵسنگاندن سوپاسی جەماوەری عێراقی دەكات لەسەر دان بەخۆداگرتنی , هەروەها تیمی هەڵسنگاندن ڕێزی هەیە بۆ وەڵام دانەوەی نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەكان ورێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بۆ پێزانینی بە پێش نیارەكانیان .
لەگەڵ جیاوازی ئەم تەنگ وچەڵەمانە كە گفتوگۆی لەسەر كرا لەلایەن تیمەكەوە و كەپێشتر باسی كرا ,تیمەكە هیچ بەڵگەیەكی تەواوەتی تێبینی نەكرد كە كەم وكوری ڕووی داوە وكاری كردۆتە سەر كرداری هەڵبژاردن .

ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە وای چەسپاند لە ناخی تیمەکەدا کە ئەم قۆناغە لە مێژوی عێراقدا پێویستی دەردەخات بۆ هەستانی یەکێتی یەکی نیشتیمانی ڕاستەقینە کە هەموو بەشەکانی جەماوەری عێراقی بنوێنێ بەبێ جیاوازی و لێك بوونەوە ,کە ئەم ناوەرۆکە ڕێگادانێکی ڕاستەقینە دەدات بۆ بەشداری کردن لە بڕیارەکانی تایبەت بە ئێستاوپاشەڕۆژی عێراق.

پاشکۆی ژمارە (1) :شوێنی دەنگدان وچاودێرەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ بەرنامەی دەنگدان لە دەرەوەی عێراق.

| وولات | نوسینگە/شار | بنکەی دەنگدان | ویستگەی دەنگدان | چاودێری نێردراوی نێودەوڵەتی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ئێران | تەهران | 3 | 17 | 9 |
| ئێران | ئەهواز | 2 | 10 | 4 |
| ئێران | ئەسفەهان | 2 | 10 | 3 |
| ئێران | إیلام | 2 | 10 | 3 |
| ئێران | کەرەمەنشاه | 1 | 6 | 2 |
| ئێران | قووم | 2 | 10 | 6 |
| ئێران | مەشهەد | 2 | 10 | 4 |
| ئێران | ئۆرومی | 2 | 8 | 2 |
| کۆی لقی | | **16** | **81** | **33** |
| وولاتە یکگرتووەکانی ئەمریکا | واشنطن | 1 | 4 | 3 |
| وولاتە یکگرتووەکانی ئەمریکا | شیکاغو | 1 | 6 | 2 |
| وولاتە یکگرتووەکانی ئەمریکا | دیترویت | 2 | 20 | 5 |
| وولاتە یکگرتووەکانی ئەمریکا | سان دییغو | 1 | 7 | 3 |
| وولاتە یکگرتووەکانی ئەمریکا | ناشفیل | 1 | 5 | 1 |
| وولاتە یکگرتووەکانی ئەمریکا | لوس أنجیلس | 1 | 4 | 3 |
| وولاتە یکگرتووەکانی ئەمریکا | سان فرانسیسکو | 1 | 4 | 2 |
| کۆی لقی | | **8** | **50** | **19** |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 6 | 8 | 1 | برلين | ئەڵمانیا |
| 6 | 12 | 1 | كولون | ئەڵمانیا |
| 5 | 9 | 1 | مانهايم | ئەڵمانیا |
| 5 | 11 | 1 | ميونيخ | ئەڵمانیا |
| **22** | **40** | **4** | | **کۆی لقی** |
| 19 | 18 | 2 | لندن | بریتانیا |
| 19 | 16 | 1 | برمينغهام | بریتانیا |
| 13 | 16 | 1 | مانشتسر | بریتانیا |
| **51** | **50** | **4** | | **کۆی لقی** |
| 7 | 24 | 1 | أوتريخت | هۆڵەندا |
| **7** | **24** | **1** | | **کۆی لقی** |
| 13 | 17 | 3 | سيدني | ئوستورالیا |
| 6 | 7 | 2 | ملبورن | ئوستورالیا |
| 3 | 4 | 1 | بيرث | ئوستورالیا |
| 3 | 1 | 1 | آدلايد | ئوستورالیا |
| 2 | 1 | 1 | بريزباين | ئوستورالیا |
| **27** | **30** | **8** | | **کۆی لقی** |
| 16 | 28 | 6 | ستوكهولم | سوید |
| 8 | 12 | 3 | جوتنبرغ | سوید |
| **24** | **40** | **9** | | **کۆی لقی** |
| 7 | 18 | 3 | اسطنبول | تورکیا |
| 3 | 6 | 1 | أنقرة | تورکیا |
| **10** | **24** | **4** | | **کۆی لقی** |
| 37 | 65 | 10 | عمان | ئەردەن |
| 3 | 6 | 1 | إربد | ئەردەن |
| 3 | 6 | 1 | الزرقاء | ئەردەن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەردەن | الموقر | 1 | 3 | 2 |
| **کۆی لقی** | | **13** | **80** | **45** |
| سوریا | دمشق | 10 | 40 | 82 |
| سوریا | حلب | 1 | 2 | 2 |
| **کۆی لقی** | | **11** | **42** | **84** |
| لوبنان | بيروت | 4 | 16 | 11 |
| لوبنان | صيدا | 1 | 4 | 2 |
| **کۆی لقی** | | **5** | **20** | **13** |
| دانیمارك | كوبنهاغن | 3 | 18 | 8 |
| **کۆی لقی** | | **3** | **18** | **8** |
| النمسا | فيينا | 2 | 8 | 5 |
| **کۆی لقی** | | **2** | **8** | **5** |
| کەنەدا | أوتاوا | 1 | 4 | 2 |
| کەنەدا | كالغاري | 1 | 4 | 2 |
| کەنەدا | مونتريال | 1 | 5 | 2 |
| کەنەدا | تورونتو | 1 | 15 | 10 |
| **کۆی لقی** | | **4** | **28** | **16** |
| ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو | دبي | 1 | 18 | 7 |
| ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو | أبو ظبي | 1 | 7 | 10 |
| **کۆی لقی** | | **2** | **25** | **17** |
| **کۆی کۆتایی** | **48 نووسینگە** | **94** | **560** | **381** |